# پایەبەرز و پرۆفیسۆرێکیCIAلە بارەی هەڵەبجەوە،

# پاکانە بۆ سەددام دەکا!

رۆژنامەی(یونگە ڤێلت) لە 2003/2/3ووتاری رۆژنامەنووس(راینە رووپە) بلاَوکردووەو تێدا هاتووە: (لە رۆژی هەینی رابردوو، پرۆفیسۆرو فەرمانبەری(سی ئای ئەی) و ئەفسەری سوپای ئەمریکی–Stephan C. Pelletietiere–لە وتارێکی سەرەنجراکێش کە لە رۆژنامەی (نیویورك تایمز)دا بلاَوکردەوە و تێدا هاتووە: (لەسەر بنەمای کاری رابردووم کە لە کاتی جەنگی عیراق–ئیراندا، بەرپرسی عیراق بووم لە(سی ئای ئەی) و لە 1988تا2000 لە کۆلیژی سوپای جەنگ، پرۆفیسۆر بووم...دەمتوانی چاوم بەو دوکومێنتە نهێنییانە بکەوێ کە پەیوەست بوون بە کەنداوی فارس....لەڕاستیدا ئێستا دەزانین کە لەو رۆژەدا، کوردەکان بە گازی کیمیاوی بۆردومان کران. بەلاَم ئێمە ناتوانین بە دلنیاییەوە بلێین کە ئەوە گازی کیمیاوی عیراقی بوو، کوردەکانی پێکوژران... عیراق گازی کیمیاوی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئیرانییەکان بکوژن کە ئەو ئاوایی(عیراقییە)ی نزیك بە سنووری ئیران، داگیرکردبوو. ئەگەر لەو جەنگەدا تسیڤیلی کورد گوژران، ئەوا بێ بەختی خۆیانە، بەو شێوەیە کەوتنە ناو ئاگری ئەو شەڕە. بەلاَم بەدلنیاییەوە کوشتنی کوردەکان ئامانجی سەرەکی عیراقییەکان نەبوو....لە پاش جەنگی هەڵەبجە، DIA(موخابەراتی سەربازی ئەمریکی)لەبارەیەوە لێکۆلینەوەی کرد و سەرئەنجامەکەی لە راپۆرتێکی نهێنیدا، پارێزرا. لەم راپۆرتەدا، بەڕوونی ئەوە نووسراوە کە گازی ئیران، کوردەکانی کوشت، نەك گازی عیراق....بارودۆخی لاشەی کوردەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە بە گازێك کوژراون، کارتێکردنەکانی بە رێگای بۆرییەکانی خوێن ئەنجام دەدا، واتە بە گازێك لە سەر بنچینەیZyankali–ئەمەش لەلای هەمووانەوە زانراوو بوو–، کە لەلایەن ئیرانەوە، بەکارهێنراوە. گازی عیراق(زێنف گاز) کارتێکردنەکانی بە رێگای بۆرییەکانی خوێن ئەنجام نادەن.)

لەدواییشدا نووسیویەتی: (من لێرە هەولٌ نادەم پاکانە بۆ سەددام حوسین بکەم. سەددام بەربرسیارە لە بەرامبەر زۆر لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەلاَم تاوانبارکردنی بەگازکوشتنی خەلکی وەلاَتەکەی لە هەڵەبجە وەك کارێکی کۆمەلکوژی، راست نیە.)

رۆژنامەنووسە ئەلمانییەکە(ڕاینە رووپە)ش، ئەوەندە گەمژەیە، بڕوا بەو قسانە دەکات و ناوی ووتارەکەی دەنێ"جینۆسایدە داهێنراوەکەی بوش"و دەنووسێ(... پیلیتیرتیر لە سەر بنەمای بیوگرافی و زانیارییەکەی وەك فەرمانبەرێکی پێشووی(سی ئای ئەی) و سوپای ئەمریکی، نیازپیسی و درۆترین چیرۆك لە بیانووهێناوە بۆ جەنگی داهاتووی ئەمریکا لە دژی عیراق نەك هەر لاواز کرد، بەلکو وەك بلقی سەر ئاو، تەقاندەوە)!!

بەلاَم لەم بارەیەوە، هاوڕێUlla Jelpkeلە هەمان رۆژنامەدا(لە2003/2/6)ووتارێك لە ژێرناوی(پیاوی سی ئای ئەی و هەڵەبجە)بلاَوکردەوە. ئولا لە ووتارەکەیدا بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە بۆچوونی کابرای پرۆفیسۆری(سی ئای ئەی) و ووتارەکەی(روپە)ی، ڕسواکرد. بۆ نموونە هێمای کردووە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی رژێمی عیراق لە دژی خەلکی کوردستان لە 1987و باسی ئۆپیراتسیونی ئەنفال و قوربانییەکانی و وتەیەکی عەلی حەسەن ئەلمەجیدی، کرد. بەهەمان شێوە، رۆژنامەنووس(Thomas Klein)لە 2/8 ووتارێکی پوخت لە بارەی پەیوەندی ئەلمانی–عیراق و شەرکەتەکان بلاَوکردەوە و باسی رۆلی تاوانباری ئەلمانیا لە کۆمەلکوژی خەلکی کوردستان، کردووە.

ئەوەی جێگای سەرسووڕمان بێت، ئەوەیە، چۆن کابرایەکی خۆ بە"چەپزان" وەك(رووپە)، بڕوا بە بۆچوونی پیاوی(سی ئای ئەی)، دەکات و بۆچوونەکانیشی بۆ مەرامە ئەلمانییە قێزەوەنەکەی لە پشتگیری کردنی رژێمی فاشیست لە بەغدا، بەکار دەهێنێ. لەمەش کارەساتتر ئەوەیە، رۆژنامەیەکی"خۆ بە چەپزان"یش بۆی بلاَودەکاتەوە!

سەلام عەبدوڵلا dwaroj@yahoo.de

26.2.2003

تێبینی: ئێستا سەرلەنوێ هەولدەدرێ، تاوانی کۆمەلکوژی شاری هەڵەبجە لەسەر شانی رژێمی فاشیست، لاببرێت، بۆیە بە باشم زانی، ئەم زانیاریانە سەرلەنوێ بۆ بلاَوکردنەوە بنێرم.